ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# زانکۆ

(٥)



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕۆژانە مامۆستای وانەی نواندنمان، جەختی لەسەر دوو شت دەکردەوە، یەکەمیان مەشق و مەشقی بەردەوام، کە هەر جارە و شتێکی نوێ دەبینیتەوە و، پەی بەڕاستییەك دەبەیت، کە پێشتر پەیت پێ نەبردووە، هەروەها دوا ڕستەکانی دوایین وانەی ڕابەری ریالیزمی سوسیالیزم، لە هونەری شانۆ (کۆستانتین ستانسلاڤسکی) بۆ دادەداینەوە:

(مەشق و مەشق و مەشق..) ئەوە دوایین سپاردە بوو، ئەوەی دووەمیان، سەرنجدان و لێ وردبوونەوە، بۆ تۆمارکردنی گشت ورد و درشتێك، هەرچۆن نیگارکێشێ بەرامبەر چیای (سەگرمە)ی بەری قەرەداغ ڕاوەستێ بەنیازی نیگارکێشانی، لەسەرکەشی ئەو چیا بۆشتاغە هەر سەرکەش و جوانبەخشەوە، هەتا دەگاتە دار و بەرد و دەوەن و پتر ورد دەبێتەوە بۆ پووش و پەلاش و سەوزە گیا و باڵندە و دەنگ و.. تاد، وانە بە کامێرەی زەیتی (ملیمەتر)ێك نابوێرێ .. بەڵێ ئەو (سەگرمە)یە، نەك بە کامێرەیەکی فۆتۆگرافی، دەستی فۆتۆگرافەرێك، بەڵکو بە چاوی ئەو هونەرمەندەی بیرو هۆش و گۆشی (سەگرمە)یەکی تەواو زیندوو دروست دەکات و گیانی بە بەردا دەکات.

دەیفەرموو: هەر لە دەست و پەنجەوە بیگرە، ئیدی سەراپا جەستە و ڕووخسار و پۆشاکی، ئەوەی سەرنجی دەدەیت، ئەمەیان ئاسنگەرە، ئەوەیان بۆیاخچییە، ئەوەی دیکەیان مسگەرە، خۆمخانەچییە، چێشتکەرە، یان موتابچییە.... لە ڕەنگی پێست و زبری دەست و جۆری بازوو و مەچەك و دەفەی شان و ..تاد. دەردەکەوێ و ناسنامەیان، واتە پیشەکەیان و ناسنامەیان، بۆیە نەك هەر لە ڕووخساردا، بەڵکو لە جەستە و جووڵەیدا و لە جۆری تێڕوانین و سەرنج و ئاخافتنی دا و، لەو جۆرە زمانەی پێی دەدوێ، چونکە زمانی ئاخافتنی فیتەرێك، پڕە لەو وشانەی زادەی پیشەکەیەتی، جیاواز لە مەلایەك، یان...

بەڵێ مامۆستاکەم وای فەرموو، پاشان باسی ئەوەیان دەگێڕایەوە کە مامۆستا (بەهنام میخائیل) قوتابییەکانی دەنارده بەر(مەیدان) لە بەغدا و دەیکردنە بۆیاخچی یان پیشەیەکی دیکە و، خۆشی لە دوورەوە وە سەیری دەکردن، هەتا بزانی، بە تەواوەتی لەو پیشەمەندانەی ئەو گۆڕەپانە دەچێ.

شەوێ لە شەوانی ئەو ڕۆژگارە، لە تەك دووسێ هاوڕێمدا، ئێوارەێ چووین بۆ سینەما (نەسر)، کە لەسەر شەقامی (سەعدوون)بوو، فلیمی (لەگەڵ سلاودا بۆ مامۆستاکەم) کە ئەکتەری ڕەش پێستی هەرەمەزن(سدنی پۆتی) کەسایەتیی پاڵەوانی فلیمەکەی دەنواند، هێندە کارێکی مەزن بوو، بەتایبەت نواندنەکەی ئەو بلیمەتە، کە هەرگیز لە زەینما ناسڕێتەوە، فلیمەکە باسی بابەتی ڕەگەزپەرستی دەکرد، با بڵێین چەوساندنەوەی ڕەش پێستەکانی ئەمەریکا، بەتایبەت ئەو بینراوەی کە مامۆستا ڕەشەکە دەستی زامدار دەبێ و خوێنی لێ دێ، قوتابییە سپی پێستەکانی، دەیکەنە شۆخی ولاقرتێ و گاڵتەی پێ دەکەن و دەڵێن: (ئەوە چییە، خۆ خوێنەکەی، ئەویش سوورە !!!).

ئەویش بە خەندەیەك و ڕوویەکی خۆشەوە، کە گشت ڕەگەزپەرستی شەرمەزار و ڕیسوا دەکات، دەڵێ: (بەڵێ سوورە، خۆمەرەکەب نییە))..

فیلمەکە دوو سەعاتێکی خایاند، هاتینە دەرەوە، هەرچۆن خوومان بەوەوە گرتبوو لە ئەو سەری شەقامی (ئەلرەشید)ەوە بەپێی دەمانبڕی، بە هەمان شێوە لە گەڕانەوەدا هەر بە پیاسە دەهاتینەوە، دیارە کەمێك شەوگار درەنگ بوو بوو، ئەو کاتەش دڵمان بۆ (هەمبەرگەر) ەکەی (ئەبو یۆنان)لێیداو، بەبێ ئەوەی ڕاپرسی لە یەکدی بکەین، پەڕینەوە ئەو بەرو چووینە ریزەوە و بابۆڵەی خۆمان گرت بەدەستەوە و ورد ورد ڕێگامان دەبڕی، بەڵام هەر هۆش و گۆشم لای (سدنی پۆتی) بوو، لەلای من تەواو نەبوو بوو، گەیشتینە لای (بانکی ناوەندیی بەغدا) بەرامبەر بە بازاڕی (شۆریجە)، شەقامەکە نیمچە چۆڵ بوو بوو، زۆر ئاسایی بوو گەر لە پیادەڕەوەکانیش بێنەچەقی شەقامەکەوە، نەڕە نەڕ و جنێودان و شیرە شیڕ و جڕت لێدان وتم:

ئا توخوا ڕاوەستن و خوا داویەتی، ئەمە ئەوەیە بۆ وانەی نواندن پێیان سپاردووم، وتیان:

ئەو سەرخۆشە!

(بەڵێ ئەو سەرخۆشە بەر بەردا، ئەوەی هەنگاو دەڕوا و حەوت هەنگاو بەدواوە دێ، ئەها لالا موو دەکات، خۆی پێ ڕاناگیرێ و شیرازەی لە دەست داوە، قسە لەگەڵ خۆی دەکات و هەر خۆشی وەرامی خۆی دەداتەوە...

وتم: نیازی چیتە!

وتم: لێی دەبمە سەرخۆشێکی، لەخۆی پەتەڕیی تر و بەربادتر، ئێوە دوورا و دوور لەو بەرەوە سەیر مەکەن، چوومە ئەو بەرەوە و لە تاریکییەکەی تەنیشتی لای ڕاستییەوە چوومە پێشی و لە تاوانا پشت و هەردوو دەستی بە دیوارەکەی پشتییەوە چەسپکرد، هەر دەتگوت پۆستەرە و بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە، خۆم خستە دوا حاڵەتی بەدمەستییەوە، کەوتمە پرسیاری بێ سەر و بێ پا، کە نەبۆی لێکدەدرایەوە و نەبۆی کۆ دەکرایەوە، پاشان بەملا و ئەولادا دەکەوتم و خۆم بەو دەگرتەوە، ئەویش بەو شڕحاڵییە کەوت بەلادا و، کەوتە جنێودان: باشە ئەگەر نازانی قوزەلقورت وەك پیاو بخوێتەوە بۆ دەیخۆیتەوە! وەڵڵا شیری شێریش بۆتە گاڵتەی منداڵە ورتکە، ئەو بە جنێوی بەرمەیدان و من بەجنێوی جارانی بەر(ئەسحابە سپی)سلێمانی، ناچار بوو لە بۆڵە بۆڵ لە دەستم هەڵهات و ئەوەی گرتبووشی بەریدا، خۆی کرد بە تاریکییەکەدا و، منیش چوومە لای برادەرەکانم، کە لەسەر شۆستەکە دانیشتبوون و لە پێکەنین دا شەکەت بوو بوون، وتم:

ئەوە ئەرکی وانەی نواندنی سبەینێم ئامادەکرد.

ئەو شەوە هەتا درەنگ وەختانێ هەر پێکەنین بوو، هەر یەکە خۆی کرد بە ژێر لێفکەیدا و ئەلەکتریکمان کوژاندنەوە، بەڵام لە پڕدا دەبووە قرمە و قاقای پێکەنین، ئەو شەوەمان بەو بەزمە ڕۆژکردەوە.

بۆ بەیانی وادەی وانەکە هات، سەر بووردەکەی شەوێم بۆ مامۆستا (ئەسعەد عەبدولرەزاق) گێڕایەوە.

فەرمووی: ئادەی کاکە سالار با ببینین! ویستم شەوێ چ بەزمێکم بەسەرخۆشە پەتییەکردبوو ئەوە بکەم، بەڵام لە پڕدا بیرەکەم گۆڕی، وتم: مامۆستا، حەز دەکەم لە پێشا سەرخۆشەکە بنوێنم، پاشان خۆم.

فەرمووی: زۆر چاکە، با سەرخۆشەکە ببینین، هەتا بتوانین بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین جیاوازی لە نێوان ڕاستییەکە و کارە هونەرییەکەماندا بۆ دەربکەوێ، فەرموو.

دەستم بە نواندنی حاڵەتی سەرخۆشە بێ حاڵە کرد، کە لێبوومەوە ئافەرینی لێ کردم و چەپڵەی بۆ لێدام و قوتابییەکانیش کەوتنە چەپڵە لێدان.

وتم: دە فەرموو، سەرخۆشییەکەی خۆم بنووسم ؟

فەرمووی: نەء، نەء، چونکە لە نواندنی تۆوە، بە تەواوەتی ئەو سەرخۆشەمان بینی، ئافەرین، دیارە بە چاوی قوتابییەکی ڕاستگۆی شانۆ سەرنجت داوە، بۆیە توانیوتە بە تەواوی بەر جەستەی بکەیت، دەمەوێ سبەینێ بۆ قۆناغێکی سەروخۆت داوات بکەم، هەتا نەك تەنها بۆیان بنوێنی، بەڵکو لێتەوە فێربن.

**فلیمی(لەگەڵ سلاودا بۆ مامۆستاکەم) کە ئەکتەری ڕەش پێستی هەرەمەزن(سدنی پۆتی) کەسایەتیی پاڵەوانی فلیمەکەی دەنواند، هێندە کارێکی مەزن بوو، بەتایبەت نواندنەکەی ئەو بلیمەتە، کە هەرگیز لە زەینما ناسڕێتەوە، فلیمەکە باسی بابەتی ڕەگەزپەرستی دەکرد، با بڵێین چەوساندنەوەی ڕەش پێستەکانی ئەمەریکا.**

**بۆ بەیانی وادەی وانەکە هات، سەر بووردەکەی شەوێم بۆ مامۆستا(ئەسعەد عەبدولرەزاق) گێڕایەوە. فەرمووی: ئادەی کاکە سالار با ببینین! ویستم شەوێ چ بەزمێکم بەسەرخۆشە پەتییەکردبوو ئەوە بکەم، بەڵام لە پڕدا بیرەکەم گۆڕی، وتم: مامۆستا، حەز دەکەم لە پێشا سەرخۆشەکە بنوێنم، پاشان خۆم.**

# بریانکا خۆشحاڵە بە دزینی گۆرانییەکەی




بریانکا شۆبرا یەکێکە لە ئەکتەر و گۆرانیبێژە ناسراوەکانی هیندستان و شانازیش بەوە دەکات هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری چەشتووە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی و توانیی شوێنی خۆی لە نێو ئەستێرەکانی بۆلیۆد بکاتەوە.

سەرەتا بە گۆرانی (In My City ) هاتە نێو جیهانی گۆرانی وتن و ئێستاش خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاو کردنەوەی گۆرانییەکی نوێی بەناوی (Exotic) کە بە شێوازێکی رۆژئاوایی تۆماری کردووە و چاوەڕێش دەکرێ ئەم گۆرانییە لە رێگای ئامڕازە کۆمەڵایەتییەکانی راگەیاندنەوە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت، هەرچەندە ئەم گۆرانییە نوێیەی دزەی کردووە لە ئەنتەرنێت، بەڵام بریانکا بەلایەوە ئاساییە و بە هیچ جۆرێك باسیشی ناکات وەك ئەوەی پێی خۆش بێت.

شۆبرای تەمەن ٣٠ ساڵ لە تویتەر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە دزە کردنی گۆرانییەکەی و وتی: پێویستە لەگەڵ دزە کردنی گۆرانی من تووڕە بم، بەڵام من زۆر خۆشحاڵم بەوەی هەموو لایەك لەگەڵ من گوێی لێدەگرن.

شایەنی باسە لەم گۆرانییە نوێیەدا گۆرانیبێژی راپی ئەمریکی بیتبول هاوکاری بریانکا دەکات و هەرچەندە تێکستەکەی ئینگلیزییە، بەڵام بریانکا چەند وشەیەکی هیندی خستۆتە سەر گۆرانییەکە.

## دیمی مۆر پـ





# نیکۆل سابا: واز لە جێنز ناهێنم

نیکۆل سابای ئەستێرەی لوبنانی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکرێن بەهۆی ئاهەنگ و چالاکییە هونەرییەکانی بەتایبەتی دوای دووگیانی و رایگەیاند کە زۆر بێـــزار و دڵتەنگ دەبێت بەم جۆرە ڕەخنە بێ بنەمایانە کە هیچ پێوەندییان بە کاری هونەرییەوە نییە.

لـــەم بارەیـــەوە نیکۆل دەڵـــێ: زۆر بێزار دەبم بە قســـەی ئەو کەســـانەی باس لە بەردەوام بوونم دەکەن لەو کاتەدا، من نازانم بۆچی ئەگەر ئافرەت دووگیان بێت دەبێ لە ماڵ دابنیشێت و هیچ کارێك نەکات بۆ ئەوەی کەس باسی نەکات.

نیکۆڵ زیاتر وتی: هەست دەکەم مەسەلەکە لە سنووری خۆی تێپەڕبووە، ئایا من یەکەم ئافرەتم بە دووگیانییەوە بچێتە سەر شـــانۆ و گۆرانی بڵێ، پێش من زۆر ئافرەت گۆرانییان وتووە و ســـکیان لە پێشیان بوو و پێویست ناکات ناویان بهێنم، نیکۆڵ بەرگری لە خۆی کرد سەبارەت بە پۆشینی جلوبەرگی تایبەت بە کاتی دووگیانی لە ئاهەنگەکانیدا و وتی: ئەم جلوبەرگانەش جۆرێکن لە مۆدە، من ســـەرم ســـوڕماوە نازانم بۆچی باس لە جوڵـــە هونەرییەکانی من دەکەن، چونکـــە دڵنیام ئەگەر جلی تەسکیشم پۆشیبایە باســـیان دەکرد بۆیە هەرچییەك بپۆشم لە قسەکانیان رزگارم نابێت و بە هەر شێوەیەك بێت باسم دەکەن.

نیکۆڵ کە ئێستا دووگیانە لە مانگی پێنجەم دروشمی (واز لە جێنز ناهێنم)ی بەرز کردۆتەوە دژی ئەو کەسانەی کە ڕەخنەی بێ بنەمای لێدەگرن.

# ـــەنا بۆ جادوگەرێک دەبات

ڕۆژنامـــەی (نیۆیۆرك پۆســـت)ی ئەمریکی ئاشـــکرای کرد کەوا ئەستێرەی ســـینەمای ئەمریکی دیمی مۆر بەدوای ڕێنیشاندەرێکی ڕۆحیـــدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بـــۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن و قەبوڵ کردنی جیابوونەوەی لە ئاشـــتۆن کۆتشەری هاوسەری پێشووی.

ڕاپۆرتەکان لەم بارەیەوە ئاشـــکرایان کرد دیمـــی بڕوایەکی زۆری بە کاروبـــاری ڕۆحی و فەلەکی هەیە و دیـــەوێ پلانەکانی بۆ دوارۆژ دیاری بکات و دوورکەوێتەوە لە هەموو کاریگەرییەکی سلبی و لابەلا کە پێوەندی بە هاوســـەری ســـێیەمییەوە هەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ بادی مۆری زانای فەلەکناسی مەکسیکی بردووە کە هیچ پێوەندی بە مۆرەوە نییە و پسپۆرە لە میتافیزیکیا و زانستی ڕۆحی. شایەنی گوتنە ساڵی ٢٠٠٥ دیمی مۆر و کۆتشەر هاوسەرگیریان کرد هەرچەندە جیاوازی تەمەنیان ١٥ ساڵ بوو.

# باوکی بیونسی ڕۆژنامەی (SUN)ی بەریتانی دەداتە دادگا

ماتیو نویلزی باوکی خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی بیونســـی ڕۆژنامـــەی (SUN) یە بەریتانـــی تاوانبار کرد بەوەی کە لە دیمانەیەکدا کە لە مانگی ئـــاداری ڕابردوودا بڵاوکرایەوە قسەکانیانی گۆڕیوە دەربارەی کچ و نەوەکەی.

نویلـــز دوای ئـــەوەی داوایەکی بەرز کردەوە لـــە داداگا، بە ماڵپەڕی (e online)ی بەریتانی ڕاگەیاند کە ڕۆژنامەی ناوبـــراو دیمانەیەکیان لەگەڵی ئەنجامدا دواتر بە زیرەکی و بە نیازی خراپ ویستیان قسەکانی دەربارەی پێوەندی من و کچ و نەوەکەم بگۆڕن و لـــەم بارەیەوە وتی: کچەکەم و خێزانەکەم گرنگترین شـــتن بۆ من لە ژیان، ئەم هەموو درۆیە دووبارەیە کە ڕۆژنامەی (SUN) بۆ منی هەڵبەستووە زۆری ماندوو کردم و لەسەر کەسایەتیش زۆر ئازاری دام و بریندار کردم.

نویلز ئەوەشـــی دووپات کردەوە کە ئەم ڕۆژنامەیە ســـەرەڕای ناوبانگـــی و ئـــەو ژمـــارە زۆرەی لێـــی دەفرۆشـــرێ وەك هەر ڕۆژنامەیەکی دیکە پێویســـتە ئاســـتی پاکی و ڕاستی هەواڵەکانـــی بپارێزی، چونکە من هەســـت دەکەم ڕۆژنامەی (SUN) بەرامبەر بە من هێڵە ســـوورەکانی بەزاندووە کاتێك باســـی خێزانی منی کرد کە گرنگرین و بەهادارترین شتن بۆ من لەژیان.

باوکی بیونســـی جەختی لەوەش کردەوە کە پێویستە ئەم ڕۆژنامە لە بەرامبەر ئەو تاوانەی کە دەرهەقی ئەنجامیداوە سزا بدرێت لە دادگایەکی فەرمـــی وتایبەت بۆ ئـــەوەی ڕێگا بەخۆی نەدات جارێکی دیکە ئـــەو کارە دەرهـــەق بە کەسی دی ئەنجـــام بدات.



هۆزان جانێ:

# پێویستە هونەرمەند گۆرانی فۆلكلۆر و مۆدێرنیش بڵێت



هۆزان جانێ لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری ئەرزەروم لە دایكبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواو كردووە، لەبەر ئەوەی گۆرانی و موزیك بووبوون بە مەراقی هەمیشە گوێی لە دەنگی كوردی رادیۆی یەریڤان دەگرت و زۆر حەزی لە دەنگی مەریەم خان و ئایشەشان و شاكرۆ دەكرد و گۆرانییەكانی ئەوانی دەگوتەوە بۆیە رووی لە بواری هونەری گۆرانی و مۆسیقا كرد و بۆ ماوەی سێ ساڵ خەریكی خوێندنی موزیك بووە.

جانێ بەوە ناسراوە كە هەمیشە دەیەوێ دەربڕی خەم و ئازارەكانی ئافرەتی كورد بێت و دەنگی بەرز بكاتەوە بۆئەوەی بە گشت مافەكانی بگات و پێی وایە ئافرەتی كورد بە درێژایی مێژوو رووبەڕووی چەوسانەوە بووە و ئازاری زۆری چەشتووە بە دەست دابونەریتە كۆمەڵایەتییە باوەكانەوە و تا ئێستاش ئازارەكانی بەردەوامن و دەڵێ:من وەك ئافرەتێك ئەم واقعە تاڵەم بە چاوی خۆم بینیوە و لەگەڵیدا ژیاوم، ئافرەتی كورد بە درێژایی مێژوو قارەمانییەتی نواندووە و شان بە شانی پیاو رووبەڕووی دوژمنان بووەتەوە، بۆیە هەمیشە لە بەرهەمەكانمدا هەوڵمداوە ژیان و خەباتی ئافرەتی كورد بهێنمە زمان و گوزارشت لە مافەكانی بكەم.

جانێ پێیوایە لە كوردستان لەسەر ئەساسی توانا و خزمەت هونەرمەندان هاوكاری ناكرێن و دەڵێ: دەزگا و سازیە هونەرییەكان لە كورستان بەپێی ئارەزووی خۆیان یارمەتی هونەرمەندان دەدەن بێ ئەوەی پێوەرێك هەبێت وەك بەهرە و خزمەت، بۆیە دەبینین كەسانێك هەن هیچ شارەزاییەكیان دەربارەی هونەر و كلتووری كوردی نییە و هیچ شتێكیان پێشكەش بە هونەری كوردی نەكردووە كەچی زیاتر لەوانەی چەندین ساڵە خزمەت دەكەن و هونەری رەسەن پێشكەش دەكەن، پاڵپشتی دەكرێن.

جانێ باس لە فۆلكلۆری كوردی دەكات و بە هۆكارێكی سەرەكی بونیادنانی هونەری كوردی دەزانێت و دەڵێت: فۆلكلۆری بە بناغەیەكی پتەوی گۆرانی و موزیكی كوردییە، تا ئێستا موزیك و گۆرانی كوردی بە دەنگی دەنگبێژان پێشكەش كراوە، من بۆخۆم زۆر بەرهەم و گۆرانی فۆلكلۆریم پێشكەش كردووە و تێیدا سەركەوتوو بووم و بەردەوامیش دەبم لەسەر پێشكەش كردنی، بەڵام لە هەمان كاتدا نابێ هونەرمەندە گەنجەكان فەرامۆش بكات و تەنیا خۆی بە فۆلكلۆرەوە گرێ بدات، بەڵكو پێویستە گۆرانی نوێش پێشكەش بكات بۆ ئەوەی جۆرە پێوەندییەك لەنێوانیاندا هەبێت و هونەر پێویستی بە هەموو ستایلێك هەیە و ناكرێ هونەرمەند كە توانایەكی هونەری زۆری هەبێت هەموو تواناكەی لە یەك بوار یان یەك ستایلدا بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین جەماوەر تاموچێژ لە هونەرەكەی وەربگرن.

# شەهرام عەلیدی :






## گرنگ ئەوەیە کارێک پێشکەش بکەیت پێشتر بەو شێوەیە باسی لێوە نەکرابێت

شەهرام عەلیدی لە دەرهێنەرە لاوە سەرکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە تا ئێستا چەندین کاری سەرکەوتووی لە کوردستان و لە دەرەوەش پێشکەش کردووە و فیلمەکانی گەیشتوونەتە فیستیڤاڵە جیهانییەکان وەك فیستیڤاڵی (کان)، هەروەها پار سەرۆکی لیژنەی دادوەرانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بووە.

شەهرام عەلیدی پێیوایە بە بەردەوام نیشاندان و بەرجەستە کردنی کارەساتەکانی میللەتی کورد بە درێژایی کارێکی ئاساییە، چونکە پێویستە گرنگی زیاتر بە بابەتی و چۆنیەتی نیشاندانی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی مافی تەواوی کارەساتەکە یان تراژیدیاکەی پێ بدرێت و دەڵێ: خودی بابەتەکە و بوونی زۆر گرنگ نییە، بەر لە ئێمەش کاری زۆر کراوە، گرنگ ئەوەیە تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم بابەتە، چەندین فیلم لەسەر ڕووداوە جیهانییەکان کراون، زۆر جار بەشێوەیەکی وا بووە کە مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك بە خەیاڵیشیدا نەچوویێت، بۆ نموونە دوور نییە لە ڕوانگەیەکی هونەرییەوە یان لە باسێکی بچووکی هونەرییەوە و باس لە کارەساتێکی زۆر گەورە بکرێت ، سەبارەت بە ئێمەش بە هەمان شێوە کاری زۆر کراوە، بەڵام هەر یەکێك لە دیدوبۆچوون و ڕوانگەیەکی تایبەتەوە و دڵنیام دەتوانرێ کاری زیاتریش بکرێت گرنگ ئەوەیە هەر کارێك ئەنجام بدرێت وەك ئەوەی پێشووی نەبێت و جیاواز بێت.

سەبارەت بە بەردەوام بوونی سینەماکارانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە نیشاندانی مەینەتییەکانی میللەتی کورد و چەوساندنەوەی لەلایەن دوژمنانەوە و کردنی بە بابەتی سەرەکیی کارەکان و ئایا بەردەوام دەبن لەو ڕێچکەیە، دەرهێنەری فیلمی (سرتە لەگەڵ با) پێیوایە ڕەنگە ئەمە زۆر ئاسان نەبێت و دوور نییە ئەم کارە بەرپرسیاریەتی لەسەر سینەماکارانی کورد دروست بکات و پێویستە لە کارە سینەماییە کوردییەکان ئەوە بەرجەستە بکرێت کە میللەتی کورد چۆن بەرگری لە خۆی کردووە وئەو هۆکارانە چین کە وایانکردووە دەرهێنەری کورد نەتوانێت وەکو پێویست بەرگری و بەرخودانی میللەتی کورد نیشان بدات، پێویستە فیلمسازان و سینەماکارانی کورد ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە هەر کاتێك میللەتی کورد هەستی بە هەڕەشە کردووە یان ژیانی کەوتۆتە مەترسییەوە ناچار بووە شوێن و مەملەکەتی خۆی جێبهێڵێت، بەڵام دەستەوەستان نەبووە بەڵکو لە شوێنێکی دیکەوە دووبارە دەستی بە ژیان کردۆتەوە، هەر کاتێك زەوییەکەی سووتێنراوە، چووە لە شوێنێکی دیکە زەوی چاندۆتەوە ئەمە بۆ خۆی گەورەترین بەرگرییە، ئێستا ئەگەر تۆ گوللەیەك بەرەو ڕووی داگیرکەری وڵاتەکەت بتەقێنیت وەك پارتیزان بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێیت، ئەگەر بەرگریشت کردبێت لە مافەکانی خۆت.